



# ئۆتۆمبێل بە مۆبایل و کاتژمێر کۆنترۆڵ بکەن

کۆمپانیای هیوندای لـــە بری ریمۆت کۆنتـــرۆڵ، کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبیلی بە مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆید سپاردووە، ئیدی لەمەولا پێویست ناکات لەگەڵ سویچی ئۆتۆمبیلەکەت ریمۆت کۆنترۆڵێکیشـــی لەگەڵدابێت، دەتوانـــی هەر بە مۆبایلەکەی خـــۆت، بیکوژێنیەوە و هەڵی بکـــەی، دەرگاکانی بکەیەوە و دایبخەی...تاد. نەك لە رێگای مۆبایلەوە بەڵکو بەهۆی ئەو کاتژمێرە زیرەکانەی کە سیســـتەمی ئەندرۆیدیان لەســـەرە دەتوانی ئەم کارە بکەی.. نەك تەنیا بە داگرتنـــی دوگمە، بەڵکو بە دەنگی خۆشت مۆبایلەکەت کۆنترۆڵ بکەی..



# داتاشۆیەکی بچووک و کوالیتیەکی باش

لە کوردەواریدا کە باس لە شـــتێکی باش، بەڵام بە قەوارە و سایز کەم دەکەن، دەڵێن شت بە بچووکی نییـــە، بەڵام بەڕاســـت داتاشـــۆی گیرفانییەکەی کۆمپانیای لینۆڤۆ ئەم راستیەی سەلماندووە، هەروەك لە وێنەکـــەدا دەبینن ســـایزی پرۆژکتەرەکە بچووکە و لە گیرفاندا جێگەی دەبێتـــەوە کەچی دەتوانێت فیلم بە سایزی 110 ئینج لە سەر دیوار، یان پارچەیەکی سپی نیشان بدات. لە رێگەی پۆرتـــی DLNA یان Miracast بە مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند بدرێت، هەروەها سیســـتەمی وای فایشی هەیـــە بۆ پەیوەندی لەنێوان ئامێرەکانـــدا و دەتوانێت زیاتر لە پێنج کاتژمێر باتری لەخۆیدا رابگرێت کە بۆ نیشاندانی فیلمێك گونجـــاوە. کارت میمۆری و فلاش میمۆریش دەخوێنێتەوە. کێشەکەشـــی تەنیا 170 گرامە.



# مۆبایلێک بە ستایلی

لە پیشـــانگەی ســـاڵانەی مۆبایلدا واتـــە (MWC) گەلێك مۆبایل خرانەڕوو، بەڵام یەکێك لە مۆبایلە سەرنجڕاکێشەکان کە دیزاین و ســـتایلێکی جیاوازی هەیە، مۆبایلی جۆری Ru-cibleیـــە. ئەم مۆبایلە کە چوارچێوەکەی لە دار چێکراوە، تەواو بازنەییە، لە ئاست بەربوونەوە و کەوتنەخوارەوەشدا خۆڕاگرییەکی زۆری هەیە.

هەروەك دەبینن شێوازەکەی وەك ئاراستە نوێن و لە کاتژمێری




# تەبلێتێکی نوێ بە توانایەکی زۆرەوە

یەکێــك لــە گرفتەکانی تەبلێــت و مۆبایل میمۆری واتە شوێنی داکردن و هەڵگرتنی داتای کەمە، بەڵام پێدەچێت تەبلێتی نوێی ئارکاس بەم شێوەیە نەبێت. لە پیشانگەی ساڵانەی مۆبایلی ئەمســاڵدا، تەبلێتێکی نوێ لەلایەن ئارکاســەوە خرایەوو، کە توانــای هەڵگرتن و داکردنی 256 گێگابایتــی هەیە. تەبلێتــە نوێیەکە کە بە A-chos 94 Magnus ناســراوە، شاشەیەکی مەزنی هەیــە 10 ئینج و فول ئێــچ دی. خێراییەکەی 1.8 گێگاهێرتزە. رامەکەی 2 گێگابایتە. کێشی تەبلێتەکە 570 گرامە.

# چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ئامێری گەیمی شێلد

کۆمپانیــای ئەنودیدیا هەمــوو هەوڵەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری گەیمی ئەلکترۆنی چڕ کردۆتەوە، ئامێــری shield کە دوابەرهەمی کۆمپانیای ئەنویدیایە، ئەم ئامێرە لە ڤێرژنەکانی پێشــخۆی زۆر پێشکەوتووترە، کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت: یەکەم ئامێرە کە سیســتەمی ئەندرۆید تیڤی لەســەرە. هەروەها لە بارستایشــدا زۆر تەنکتــرە لــە ئامێرەکانی پێش خۆی، جگــە لەوەش لە کارایشــدا توانــای خوێندنەوەی ڤیدیۆی بــە کوالیتی K4 هەیە. یەکەم ئامێریشــە کە ئەم کوالیتیە بەرزەی لە یاریکردندا هەبێت، 50 گەیمی تایبەتیشی تێدایە.







# کاتژمێری گیرفان

گیرفان دەچێت، مۆبایلە زیرەکەکە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەر نییە، بەڵکو سیســتەمی بەگەڕخەری فایرفۆکســی لەسەرە، کامێرای مۆبایلەکە دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆی بە شێوەی بازنەیی بگرێت، ئەگەر لەکاتی وێنەگرتندا مۆبایلەکە بسوڕێنی، فۆکس و زوم ئەنجام دەدا، چوارچێــوەی مۆبایلەکە رەنگە ئەلۆمینۆم، ســفر و تەنانەت داریــش چێ بکرێت و بە زوویــی لە بازاڕدا دەبیندرێت.





# سەرنجێکی خێرا بەسەر مەچەکبەندی تەندروستی HTC

مەچەکبەند و بازوبەندە هۆشـــمەندەکان شـــوێنی کاتژمێری دەســـتیان گرتۆتەوە، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای دیجیتالی ســـەردەم لە رکابەری دان. کۆمپانیای HTC بازوبەندی سمارتی خۆی لە کۆنفرانســـی ساڵانەی مۆبایلدا خســـتەڕوو. مەچەکبەندی جۆری HTC Grip سیستەمی GPS لەسەرە و شاشـــەکەی رەنگییە و لە جۆری OLEDیە. مەچەکبەندەکە زیاتر بۆ کەسانی وەرزشوانە. سیستەمی UA recordی تێدایە بۆ ژماردنی هەنگاوەکان، ســـووتاندنی کالۆری، رێژەی خەو خســـتنەژێر چاودێری چالاکی وەرزشی. بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ئەوەندە بەسە کە دوو جاران دەست لە شاشەکەی بدەی، یان گوســـتەکانت بجوڵێنی. لەگەڵ هەردوو سیســـتەمی ئەندرۆید و IOS دەگونجێت.

## پرۆگرامێک بۆ دیزاین و دەستکاری کردنی وێنە

پرۆگـــرام گەلێکـــی زۆر هەن کـــە کار و ئەرکیـــان دەســـتکاری کردنـــی وێنە و جوانکردنی وێنەیە، هەرچەندە پرۆگرامی فۆتۆشـــۆپ وەك شـــا پرۆگرامـــی گرافیکی دەناسێندرێ، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی و دژواری بەکارهێنانی پرۆگرامەکە تەنیا کەسانی شارەزا نەبێت ناتوانن سوودی پێوستی لێبوەربگرن.



پرۆگرامـــی speedy painter پرۆگرامێکـــی بچووکە، بەکارهێنانی ئاســـانە، بەهۆیـــەوە دەتوانـــی دەستکاری وێنە بکەی، هەروەها دەکرێـــت کاری شێوەکاریشـــی پـــێ ئەنجام بدەی. وێنـــەکان بە هەموو فۆرماتێك خەزن دەکرێن. پرۆگرامەکـــە نمـــای دووریـــش نیشـــان دەدات، کە لـــە هونەری نیگارکێشـــاندا پێـــی دەگوترێت (پرســـپیکتیڤ) بەکارهێنـــەر دەتوانێت وێنەکانی زۆر سروشتی نیشان بدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرســـێت من پرۆگرامگەلی ئۆفیسدا زیاتر ئۆفیسی **2007** بەکار دێنم، باشە چ جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان ئۆفیس **2007** و **2013**دا؟

خوێنەری بەڕێز، گرنگترین و باشترین جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ئوفیسەدا ئەوەیە کە ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتت هەبێت و ئەکاونتێکیشت لە مایکرۆســـۆفت هەبێت کە دەکەوێتە ســـەر ئۆفیس 2013 هیچ کاتێك، فایلێکی ورد کە دەینووســـی،یان فایلێکی پاوەرپوینت، یان ئیکســـل..تاد ناســـڕدرێنەوە.. ئەگەر کۆمپیوتەرەکەشت تیکچوو، یان گەشـــتێکت کرد و کۆمپیوتەر پێ نەبوو، دەتوانی ئەو فایلانە لە کۆمپیوتەری دیکە وەربگرییەوە.. ئەمەش زۆر گرنگە هەم فایلەکان دەپارێزرێن و هەم خەمی تێکچوونی کۆمپیوتەرت نییە..

# کیبۆردە سەرنج ڕاکێشەکەی مایکرۆسۆفت




کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کیبۆردێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە کە دەنوشتێتەوە و بچووك دەبێتەوە. کیبۆردەکە دەتوانرێت بە ئایپاد، ئایفۆن و هەموو ئەو ئامێرانەی کە سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆزیان لەسەرە پەیوەند بدرێت. بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن بە مۆبایل و تەبلێتەکانیان دەقێکی زۆر تایب بکەن، زۆر گونجاوە، خاڵی جێگای سەرنج لەو کیبۆردەدا ئەوەیە کە دوگمەکان بە دوو بەش دابەشکراون و کیبۆردەکە لەناوەندەوە دەنوشێتێەوە و بۆ هەڵگرتن ئاسانە و هەروەها بۆ پەیوەندی دان بە ئامێرەکان پێویستی بە کێبڵێکی تایبەت نییە و تەنیا لە ڕێگای بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێت.

# کارتی میمۆری دوو سەد گێگابایت لە خۆیدا هەڵدەگرێت




میمۆری کارت، گرنگییەکی زۆری لە هەڵگرتنی داتادا هەیە، بەتایبەتی لە پشەی وێنەگری بە هەردوو جۆری وێنە و فیلمەوە. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر میمۆری کارت تەنیا هەتا 64 گێگابایت داتای لەخۆیدا خەزن دەکرد، بەڵام کۆمپانیای SANDISK گۆڕانکارییەکی نوێی هێناوەتەوە گۆڕێ و میمۆری کارتی جۆری 200 گێگابایتی خستە بازاڕ. بەهۆی ئەم میمۆری کارتەوە دەکرێت زانیاری زۆر بە خێراییەکی زۆرەوە رابگوێزێ. بۆ نموونە 1200 وێنە تەنیا لە خولەکێکدا. هەروەها بۆ هەڵگرتنەوەی فیلمیش بەکارهێنەر دەتوانێت 20 کاتژمێر فیلمی بە کوالیتی فول ئێچ دی تێدا هەڵبگرێت، میمۆری کارتەکە زۆر بەهێزە بە ئاو تێکناچێت، بەگەرما و تەزووی کارەبا و هیچی لێنایەت.



# سایتێک تایبەت بە زانیاری و داتای وڵاتان

حەزدەکەی بزانی وڵاتەکەت یان وڵاتێکی دیکەی جیهان لەم ساڵدا یان ساڵەکانی رابردوودا بە چ قۆناغێکدا رۆیشتووە، ئاستی زانیاری، ئاستی ئابووری، ڕێژەی دانیشتوانی، کێشەو گرفتەکانی لە چ ئاستێکدایە؟

یان حەز دەکەی بەراوردێك بکەی لە نێوان دوو وڵاتدا کە بزانی دوو وڵات لەم ساڵدا یان ساڵانی رابردوودا بەراورد بەیەك لە چ ئاستێکدا بوونە، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی http://www.prosperity.com لەم سایتەدا بە شێوەیەکی گرافیکی سەرنج ڕاکێش زانیاری و داتا لە هەموو بوارەکاندا سەبارەت بە هەموو وڵاتانی جیهانی تێدایە. بۆ بەراورد کاریش دەتوانی ناوی دوو وڵات لە بۆکسێکی تایبەتدا کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە بنووسی تا بەشێوەیەکی گرافیکی جوان زانیاری لە بارەی ئەم دووڵاتە بزانی.